# ئەڤینەوە

ڕەووف بێگەرد



نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەمو چۆنیش کۆتایی بەم نامەیە بهێنم ! ڕەنگە لای تۆ نامە نووسین وەك ئاو خواردنەوە یان هەوا هەڵمژین ئاسایی بێت . کەچی لای من ڕوو بە ڕوو بوونەوەی مەلە نەزانێکە لە گەڵ شەپۆلو گەرداوەکانی دەریادا . کە نامە بۆ تۆ ئەنووسم لە هەموو شتێك دائەبڕێم ، بێجگە لەو جیهانی خەمخۆرکە دە تا زۆرتر پەل بهاوم زیاتر بەرەو قوولی‌دا ئەچم ، داچوونی مرۆڤێکی دەست بەستراو کە بەردێکی قورس بە پێیەوە شەتەك ئەدەنو لە بەرزیەکەوە بەرەو دەریای ئەکەنەوە .

کە نامەت بۆ ئەنووسم لە بەردەمما ئەبیتە تارماییەکی سپی ، بۆ هەر کوێیەك ملت بۆ بە لارەوە بنێم ئەتوێتەوە . یان ئەبیتە قەڵەمەکەی دەستمو هەموو ووشەو دێرەکانم لێ یاخی ئەکەیت ، جاری وایش‌هەیە زەنگی ناو دارستانێکی دووریت ، ئەڕۆیتو دەنگ ئەدەیتەوە ، تا لە بیابانێکی هەتەردا لێم ئەبیتە تراویلکە ، منیش هەنگاوە وێڵەکانم بە دوامدا بەکێش ئەکەم ، ئەڕۆمو هێڵێکی تەنكو ناڕێك لەسەر لمەکە ئەنەخشێت ، ئەکەوم ، خۆم ئەکێشمە کەنارێکەوەو لەوێدا مت ئەبم ، لەو کاتەدا هەست بەوە دەکەم لە نێوان منو تۆدا بیابانێکی بێ دەنگیو نامۆیی هەیە ، لە مردنێکی زۆر سستا خوێنمان ئەڕژێتە سەر لمەکەیو تلك‌تلك دائەچۆڕێتە خوارێ ، نە لم هەست بە خۆی دەکاتو نە ڕەنگیشی دەگۆڕێت .

شەوانە لە ژوورێکی ٣×٤دا بە تەنیا هەڵئەکورمێم ، مێزێكو دوو کورسی ، کتێبخانەیەكو دوو گوڵدان ، وێنەیەکی سوکراتو دوو تابلۆی سروشتی ، پەنجەرەیەکیش بە سەر ئەو باخچە بچکۆلەیەدا ئەڕوانێت کە تۆ بەرانبەر بە تاقە شۆڕەبیە ملکەچەکەی دائەنیشتیتو زۆری لێ ڕائەمایت ، دیاربوو ئەو سکاڵای خۆیو تۆیش باسی خۆتت بۆ ئەکرد ، لە پڕا چاوەکانت ئەبوونە ئەو دەریا شینانەی لە کەناریاندا قەدو باڵای چەندان درەختیان تیا ئەکەوێتە لەرینەوە ، بە شەپۆلێکیش ئەچەمێنەوەو تێك ئەشکێن . لەگەڵ ڕەوینەوەی شەپۆلەکاندا دیسان سەریان ئەگاتەوە بە جێگایەکی بێ کۆتایی . من لەو دەریا شینەدا هەرچی نهێنی ئەم ژیانە هەیە بەدیم ئەکرد : گۆرانیەکانی هۆمیرۆسی ، بەردەکەی سیزیف ، خەوەکەی لینکۆڵن ، خەنجەرەکەی پرۆتۆس ، دوا پیاڵەکەی سوکراتو چیایەکی لووتکە چەماوەی گریاویش .

ئەی ئەزانیت تۆ تاقە هەناسەیەکی گەرمو گوڕبوویت لە لەشی ئەم ژوورە ساردو سڕەمدا . هەندێك جار زەردە خەنەیەکت ئەهاتە سەر لێو ، نەم ئەزانی تروسکەی شادیە یان

خەمێکی ڕەنگاو ڕەنگە ؟ ئەمویست بیمە دۆستی بزەیەکی ڕێبوار ، کەچی بروسکەی تیژی چاوەکانت ئەیانگێڕامەوە سەر خەمە ڕێگاکە ، بە ناچاری خۆم ئەدایەوە دەست وورد بوونەوەو تێ ڕامان . کە چەند تەڵێکی قژەخاوەکەت ئەهاتنە سەر چاو ئەم ویست بە هەناسەی کڕی پەنجەکانم لایاندەم ، کەچی ئەوەیشت پێ ڕەوا نەئەبینیم و بە دووکەڵی جگەرەکەت بەرەو هەواری خۆیانت ئەکردنەوە .

ئای فریشتەی خەمەکانی ئەم ژوورە ساردو سڕە ئێستا لە کوێیت ؟ ماویت ؟ یان وەك کاغەزی ناو گیرفانە بچووکەکان گرمۆڵە بوویت و ئەمەندەیش ئارەقەی ڕێگای دوورت پیا ڕژاوە پتوورکاویت ؟ ئەی ئەزانیت منیش بوومەتە هەواڵێکی بێ مانشێت و هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەکی ئەم سەردەمە نامگرنە خۆیان . ڕۆژانم گیانەلایەکی بێ کۆتایی و شەوانیشم لە هەنگاوی سست و شەکەتی لاڕێی بەرکرێوەو زریان ئەچێت . ئەی فریشتەی گەرمی و ڕووناکی ژوورەکەم ، ئێستا من و تەنیایی و شتە ساردەکانین ، سارد وەك منداڵیەکەی خۆم ، سارد وەك شەوە ناو چیاییەکانی وولاتەکەم ، تەنیاییەکەم درەختێکی تەریکی لق و پۆپ سوتاوی ناو بیابانە ، لەم ژوورە چۆڵ و ساردەدا بێجگە لە تۆ کێم لەیادبێت ؟

ئەمرمو کەسێك لە دەرگاکەم نادات ، جا کێ لە دەرگای بێ وولاتێکی وەك من ئەدات ؟ فرمێسکەکان ئەکەونە ناو چاوم ، ئەبن بە دڵۆپەو ئەگەنە سەر ڕوومەتم . ئەم گریانە هاوڕێیەکی بە وەفایە ، لەکاتی خۆیدا دێت ، کە دڵۆپەکان زۆر ئەبن و بە خوڕ دێنە خوارێ تامێکی تایبەتی ئەدەنە گیانم ، لە گەڵ گەروو بە تەنگ هاتن و سوێراوی سەر لێومدا هەزارانی وەك خۆم کۆیلە ، دایك ، دەزگیرانی تەنیام دێنە یاد ، یادی جەنگاوەرێکی تەنیا ، زیندانیەکی تەنیا ، ئاوارەیەکی تەنیا ، تەنیایی و گریان دوو هاوڕێی خۆشەویستی یەکترین ، من هەموو شەوێك ، هەموو ڕۆژێك پێشوازیان لێ ئەکەم ، ئەوانیش لە ئامێزم ئەگرن ، ئەوان بەسەر مناو من بەسەر ئەواندا ئەگریم ، تاهەر سێکمان ئەبینە یەك ، لەم ژوورەدا تابلۆیەکی مەزن دروست ئەکەین ، ئەویش تابلۆی من و فرمێسك و تەنیاییە .

●

لەم بێ تۆییەدا شەوان ڕەشەبایەکم لێ هەڵئەکات ، دەلوورێنی و دەبێتە ڕەوە سەگێکی هار ، سەگەکان گەمارۆم دەدەن ، کەڵبەو چڕنووکم لێ دەگرن ، گۆشتم ، ئێسکم ، دەمارو ماسوولکەکانم لەگەڵ خوێنێکی گەشدا دەکەونە سەر زەوی ، کورسی و مێزەکەم سوور دەبن ، چاوی منیش لە نێوان بڵق خوێن و تکەی کەناری مێزەکەمدا تامێکی خۆش دەچێژن ، تامی مەرگێکی نموونەیی کە تەنیایی و نامۆیی خوێنی دەمارەکانیەتی . سەگەکان هەمەڕەنگن : ڕەش ، سپی ، سوور ، بۆر . هەیانە کولکن و هەندێکشیان وەك سەگی خوێڕی لات و بێ گۆشتن . ژوورەکەم پڕ ئەبێ لە سەگ . هاوار ئەکەم ، دەنگم ناگاتە بەردەرگاکەم ، یان هەر کەس نیە گوێم لێ بگرێت . ڕائەپەڕیم ، وەك هەرگیاندارێکی تری ئەم سەر زەمینە کە لە مردن نزیك ئەبێتەوە ئەکەوێتە پەلە قاژەو بەرگری لە مانەوەی خۆی ئەکات ، منیش پەلامار ئەدەم ، چڕنووکم تیژو مستەکۆڵەکانم قورس و مەرگاوین ، ماندوو ئەبم ، بەڵام خۆم بەدەستەوە نادەم ، ئەی چی ئەم ڕەوە سەگەم لێ ئەکاتەوە ؟ هەڵدەستمەوە ئەزانم بەرەو ئامێزی مەرگم ئەبەن و دەستێك نیە بمخاتە کەنار ، چاوی پاڕانەوەو بەزەیم بە هەموو لایەکدا ئەگێڕم ، دیوارەکانم لێ دێنەوە یەك ، لوورەی سەگیش لە مێشکمدا وەك تەقینەوەی بورکانێك هەڵم دەگرێ و بە دیوارەکانمدا دەکێشێت ، شەکەت ئەبم و لە پەنایەکدا ئەکەوم ، کڕ ئەبم ، ئەکوژێمەوە ، کوژانەوەی پشکۆیەکی سوور ، کشانەوەی ئەستێرەیەکی کشاو . تا ئەبم بە خۆڵەمێشێکی ساردو وەك ژوورەکەم لێ دێت .

ئەی فریشتەی گەرم و گوڕی ئەم دڵ و ژوورەم ، کە لێرە بوویت من و ژوورەکەم باخچەو گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ بووین ،

ئێستایش ئەمە منو ئەمەیش ژوورەکەم ، دەتۆ لە کوێیت ؟ ماویت ؟ یان پارچە کاغەزێکی لۆك کراویتو ، لە گیرفانێکی ئارەقاوی ڕێبوارێکی ماندوودا ووشەکانت بەرەو کاڵبوونەوە دەچن ؟

●

کە دەستت دەنایە ژێر چەناگەتو جگەرەکەت دادەگیرساند ، دەبوویتە ئەو بێدەنگیە ترسناکەی جومگەکانی منت ئەپرواند . لە بەردەمتا ئەکەوتمە چاوەڕوانی گەردەلوولە ناوەختەکە ، گۆماوێکی مەنگ بوویت ، بەڵام لە چاوتەوە گڕی بێ دەنگیەکەت کڵپەی ئەسەندو ووردە ووردە سەری دەکرد ، دووکەڵی جگەرەکەت بەرووماڕادەدا ، تەپڵەکەکەی بەردەمت وەك ترسەکەی من پڕ ئەبوو . لە ناچاریا پەنام ئەبردە بەر مەیو قەڵەمەکەم ، تەنیا لەوکاتانەدا سەرم هەڵدەبڕیو سەرنجی دەمو چاوتم ئەدا کە پێکەکەم بەرز ئەکردەوە . قەڵەمەکەم وەك چاوەکانی تۆ دەروونە هەژاوەکەی خۆم گەرمو گوڕ بوو ، وێنەی هەردووکمانو ئەم گەردوونە ئاپوورەیەی دەکێشا ، منیش خۆم بۆ شل ئەکرد . لەپێکی سێیەمدا لەنگەری سەرو قەڵەمەکەم تێك ئەچوون ، ئەوسا بەرانبەرم لێ ئەگرتیت ، پێت ئەوتم :

(— سەرخۆشی هەستکردنە بەچی ؟

(—هەستکردنە بە بوونی خۆم ، بەو حەقیقەتانەی کاتی تر نایانگرم .

(— کەواتە بۆیە ئەخۆیتەوە تابڵێی منیش هەم ؟

(— ڕەنگە . . .

(— پێش خواردنەوەیش هەر هەیت ، بیر ئەکەیتەوە ، ئەنووسیتو منیشت خۆش ئەوێت .

(— ئەمانەیش بەشێکن لە شتەکانی تر ، بۆ ناشێت مرۆڤ لە زۆر لاوە هەست بە بوونی خۆی بکات ؟

(— ئەی ئەمە ناچێتە خانەی خۆ پەرستیەوە ؟

(— ڕەنگە خۆپەرستی دوو مانای جیاوازی لای منو تۆ هەبێت ، تۆ حەز بە سەرخۆشی من ناکەیت ، ئەزانیت گەمارۆت ئەدەم ، کەچی لە کاتی تردا لە بەردەمتامو کڕنووشت بۆ ئەبەم .

(— تۆیش هەر ئەچیتە ئەو خانەیەوە ، سەر خۆشیو نووسین بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانتە .

(— هەر شتێك هەستی تایبەتی خۆی لای مرۆڤ هەیە .

هەیە لە پارەداریو ژنو ماڵدا هەست بە بوونی خۆی ئەکات ، ئەو شتانەی زوربەی خەڵکی ئەتوانێت بیانگاتێ ، بەڵام کەم کەس ئەبێتە فەیلەسووفی مەزنو هونەرمەندی بلیمەتو نووسەری بەهرەدار . هەستی بوون لەمانەدا بەتامترە .

(— هەر ئەمانە ؟

(— چی تر ؟

(— ئەی هەموو کەس ئەبێتە خۆشەویستێکی مەزن ؟

(— چۆن خۆشەویستیەکت مەبەستە ؟

(— خۆشەویستی ڕەگو خاك ، سروشتو جوانی ، سپارتاکۆسو ئازادی ، فەرهادو شیرین .

(— ئەی خۆت ؟ دیارە گومانێکت هەیە ؟

(— . . .

(— بۆ بێدەنگیت ؟ سەرنجەکانت جارێك دارستانێکی کڕو لەپڕا زریانێکی تووشن ، ئەی باسی خۆشەویستیە گەورەکەی من بۆ ناکەیت ؟

(— منیش لەمەدا هەست بە بوونی خۆم ئەکەم .

(— لەسەر حسابی من ، مێشكو دەمارەکانم ئەپروێنیت تام لە ئازارم ئەچێژیت .

(— تۆیش هەروایت ، سەیر ئەوەیە هەموو خۆمان بە ڕاستو پاك ئەزانین ، کەچی هەر یەکەمان مێشکی چەندانێکی پێوە خەریکە .

(— بێجگە لە تۆ کەس من ماندوو ناکات ، تۆ حەقیقەتێکی ڕەهایت ، ئەو حەقیقەتەی گۆڕانی بە سەرانایەت .

(— کام حەقیقەت ؟ گەلێك جار سەد ڕوو بۆ حەقیقەتێك ئەدۆزرێتەوەو هیچیشیان نیە .

(— حەقیقەتەکانی من لە چاوی تۆدان ، هەموو شتێك لەو ئاوێنەیەوە ئەبینم کە تۆی تیایت .

(— خۆشەویستیەکی هەرزەکارانەیە .

(— ناتوانم خۆم لە خۆشەویستیەك دابڕم کە بۆتە خوێنی ناو دەمارەکانم .

(— تۆ وەك کەسانی ناو چیرۆكو ڕۆمان لە گەڵ منا ئەدوێیت ، هەندێك جار فەیلەسوفو کاتی تریشی گەمژەیەکی بێ مانان .

(— ئەی کێ لە تۆ دەگات ؟

(— تەنیا خۆشەویستیەکەی منت لێ بۆتە نهێنی ، منیش هەست بەوە ناکەم وەك مرۆڤێك خۆشت بوێم .

(— جاری واهەیە شتێك ، تاقە شتێك ئەبێتە هاوکێشەی هەمووژیان ، نابینیت جەنگاوەرێك ، ئازادی ویستێك بۆ خوشۆیستەکەی واز لە چی خۆی دێنێت ؟

(— لەو عاشقە ڕۆمانسیانە ئەچیت کە بەدەم گریانو ئاهو ناڵەوە نووکی خەنجەرەکانیان ئەگەیەننە سەر دڵیان .

(— لە هەرشتێکا ڕۆمانسیم لەمەیاندا نەء ، چونکە لای من تۆ لە تاقە مرۆڤ گەورەتریت ، تۆ حەقیقەتێکیت ئەمەوێت بتگەمێ .

(— کەواتە منو تۆ دوو شتین لە یەکتر ناگەین ، ئەوەیش ئەمانخوێنێتەوە هەروا ، چونکە من وەك مرۆڤ لە گەڵتا ئەدوێم ، کەوایە بۆ درۆم لە گەڵدا ئەکەیت ؟

(— . . . . .

دوا قومی پێکەکەم هەڵداو پێڵوەکانم کەوتنە سەریەك ، بۆنێکی تیژی دووکەڵو جگەرەیش گەیشتە لووتمو بەرەو سیەکانم لوولیان خوارد .

یەکەمجارو دواجارت‌بوو سەرت بکەیتە ڕێبوارێکی سەر هەواری سنگم ، خەمەکانم بۆ بکەیتە چراخان ، پەنجەکانم لە هێلانەی سەرو قژتا مت‌بوونو کەوتنە کەروێشکەخەو ، هەستێکی سرکو خۆش وەك ئەسپێکی بەلەسە هەڵی گرتم ، گەرمایەکی سوتێنەر بەرەو هەموو لەشم‌هات ، ویستم ببمە پارچە سەهۆڵێكو تیاتا بتوێمەوە ، توانەوەی مۆمێك بە سەر خۆیدا ، ژوورەکە تەواو هێورو چاوی منیش بەبن میچەکەوە ئەبڵەق بوون . پێت ووتم :

(— چیتە ؟ بیرکردنەوەی زۆر مرۆڤ بەرەو گەلۆری دەبات ؟

(— بیرکردنەوە سەری تریشی هەیە ، چەقۆیەکی دوودەمە . بەڵام تۆ بۆ لەگەڵ منا بێجگە لە گرێك ، پشکۆیەك چی ترنیت ؟

(— کەی وایە ؟ ئەوەتا مرۆڤێکی ئاسایمو لە پاڵتا کەوتووم ، دەستت لە سەرو قژمایە ، سەرم ناوە بە سنگە گەرمەکەتەوە ، چی‌ترت ئەوێت ؟

(— کامە سنگی گەرم ؟ دڵنیام لە من دووریت ، تەنیا لەشت لێرەیە .

(— کام دووری ؟ لە چاوی خۆتەوە ئەڕوانیت .

(— گیان ڕووناکیەکی یەزدانەو هەموو ژیان ، هەموو ئەم گەردوونە ئاپوورەیە ڕووناك ئەکاتەوە . لەش قاوغێکی ڕووتە .

(— ئەگەر جوان نەبوومایە ئەت‌هێشت لە گەڵتابم ؟

(— نازانم ، ئەوەندە ئەزانم کە خۆشەویستی‌ی تۆ زریانێکەو منیش کلو بەفرێکی وێڵ ، بۆ کوێ سەرم پێ هەڵدەگریت ئازادیت .

(— لە پرسیارەکەم ڕامەکە ، ئەگەر بە لەشو لار ، بە دەمو چاو ناشیرین بوومایە خۆشت ئەویستم ؟ .

(— پێم‌وتیت نازانم ، خۆشەویستیەکەم بە ئەندازەی تۆگەورەیە .

(— له خۆت ڕانابینیت بڵێی ئایان نا .
(— ئه‌توانم له كاتێكدا هه‌ردوو كیان بڵێم .
(— نه‌ء . . ناتوانیت . . ئه‌زانم دوای هه‌ناسه‌یه‌ك په‌شیمان ئه‌بیته‌وه ، تۆ به‌وه ڕانه‌هاتوویت .
(— بۆ نا ؟ منیش یه‌كێكی ناو ئه‌و هه‌زاران هه‌زار به‌ڵێ‌و نه‌خێره‌م ، ئیتر بۆ لێم ناترسیت ؟
(— كه‌سه‌رخۆش‌ئه‌بیت نهێنیه‌كان له چاوتا ئه‌ته‌قنه‌وه ، واهه‌ست ئه‌كه‌م به‌رانبه‌ر بووكه به‌فرینه‌یه‌ك دانیشتووم كه چه‌ند هه‌ناسه‌یه‌كی گه‌رم ئه‌ی توێنێته‌وه ، چی له تواندنه‌وه ناسكتره ؟
(— ئه‌مه‌نده‌یش خۆش باوه‌ڕ مه‌به .
(— نه‌ء . . من له خۆش باوه‌ری تۆ ئه‌ترسم .
(— به ملیونه‌ها مرۆڤ وه‌ك ڕۆسۆ هه‌بوون‌و هه‌ن ، كه‌چی كه‌س وه‌ك ئه‌و ڕاستگۆنه‌بوو ، لێره كێ درۆ ناكات ؟ ته‌نانه‌ت تۆیش .
(— من بۆ ؟
(— لێره‌یت‌و لێره‌نیت .
(— مارێكی سڕیت ، كه تیشكی خۆر چاوت پێ هه‌لدێنێت ئیتر . . .
(— ڕه‌نگه هه‌ر سڕبم ، كه تیشكیش لێم ئه‌دات مارمێلكه‌و قالۆنچه‌كانیش به سه‌رمادێن‌و ده‌چن . كێ سڵم لێ ده‌كات ؟
ئه‌ڵێی به چاره‌نووس مرۆڤێكی نه‌فره‌ت لی‌كراوم .
(— ئه‌مه‌نده‌یش ڕه‌ش‌بینی ؟
(— ئه‌وه‌ی تۆی خۆش‌بوێت لێی ئه‌بیته شه‌پۆلی شێت‌و به‌ره‌و سه‌وان گه‌رداوی ئه‌به‌یت ، ئه‌نجامیشدا وه‌ك منێكی . .
(— به‌سه ، ماریش هه‌ر ئه‌وه‌نده ئازار ئه‌گه‌یه‌نێت .
(— بروات به ئازاری خۆشه‌ویستی‌نیه ، زۆرجار ئه‌و منداڵه‌ی گه‌لێكم خۆش ده‌وێت حه‌ز ئه‌كه‌م بیگریه‌نم .
(— ئه‌ی ئه‌و مارمێلكه‌و قالۆنچانه‌ی ئازارت ئه‌ده‌ن ؟
(— ده‌ست به سه‌ریانا دێنم تابه‌رگه‌كه‌یان فڕێ ئه‌ده‌ن .
(— هم ؟ ئه‌مجاره‌یان مه‌سیحێكیت ئاو لێڵ ناكه‌یت .
(— ئه‌ویش هه‌ر به دوای خۆشه‌ویسته‌كه‌یدا گه‌راوه .
(— ئه‌زانیت ئێستا چاوت له‌و ده‌ریا شینانه ئه‌چێت كه به هێوری ئه‌ڕۆن‌و ته‌نیا جربوه‌ی ئه‌ستێره بێگه‌رده‌كانیان تیا ئه‌دره‌وشێته‌وه .
(— . . .

كاتێك به ئاگاهاتین كه هه‌وایه‌كی سارد هه‌ردووكمانی له یه‌كتر نزیك كردبووه‌وه ، هه‌ستا ، ڕووی گرژكردو كه‌وته بیركردنه‌وه‌یه‌كی قووڵه‌وه . پێم وت :
(— بیركردنه‌وه‌ی زۆر مرۆڤ به‌ره‌و خوابی ئه‌بات .
چاوه‌كانی بوونه پشكۆو به‌ڕووما چزان ، بێ ئه‌وه‌ی هیچ بڵێت بووه ڕه‌شه‌بایه‌كی سه‌خت‌و بۆ دواجار له ژووره‌كه‌م ده‌رچوو .

●

ئه‌ی فریشته‌ی ژووری ساردو سڕی ته‌م لێ‌نیشتووم ، هاوده‌مه‌كه‌ی شه‌وانی ته‌نیایی‌و نائومێدیم ئێستا له كوێیت ؟ ماویت ؟ یان ڕێبوارێكی شه‌كه‌تیت‌و هیچ زه‌ویه‌ك ماندوویه‌تیت له خۆی ناگرێت ؟ له كوێیت تاسكالا نوێكانمت بۆ هه‌ڵڕێژم ؟ تاچاوێكی‌تر به ژووری دڵما بگێڕێت‌و یه‌كه یه‌كه ده‌لاقه‌ی برینه‌كانی بژمێریت . كات لای برینه‌كانی من سڕاوه‌ته‌وه هه‌میشه نه‌زیفیانه‌و فریای قه‌تماغه‌یه‌ك ناكه‌ون . ئێستا قالۆنچه‌و مارمێلكه‌كان زۆرن ، له جاران زیاترن ، سه‌گه‌كان ده‌لوورێنن‌و هه‌ره‌شه‌ی مه‌رگێكی‌ترم لێ‌ئه‌كه‌ن . ئه‌وسا به سكالای شه‌وانه ، به ناڵه‌یه‌كی هێوری ناو ژووره كره‌كه‌م ، به دوو نیگا ئه‌م گه‌ردوونه‌مان هه‌ڵئه‌پێچا ، باسی خه‌وی شه‌وانی ناو دارستانێكی چڕو ، كانیه‌كی بنار چیاو لووتكه‌یه‌كی كڵاو به‌فرینمان ئه‌كرد ، به‌ڵام ئێستا ته‌نیا باڵم ، له‌و كۆتره باڵ‌شكاوه ئه‌چم كه چاو له ڕه‌وه كۆتره هه‌ڵفڕیوه‌كانی

هاوڕێی ئەبڕێت کە بەرەو ئاسۆ دەڕۆن ، هەڵدەکشێن‌و دادێنەوە تا لە چاو وون ئەبن .

ئەنجا ئەمیش کەمێك ئەجووڵێت ، ئەوەستێ‌و چاو ئەگێڕێت ، بەرەو ئاسمان‌و گەواڵە هەورەکان ، ڕەوەزو لووتکەکان ، پاشان درەختێکی بەرز کە دەستی ڕاوکەریش وەك باڵی شکاو نایگاتێ . ئەوەستێ‌و ئەبسڵەمێنەوە ، ماندووە باڵە شکاوەکەی بەسەر زەویەکەدا کێش ئەکات ، بەڵام نە هاوڕێیەکو نە هاودەمێکی لێ‌نەماوە ، لەو دنیا سامناکەدا مەترسی مەرگ‌و ئاوارەیی لەناو دەوەنێکدا متی دەکات ، چاو لێك ئەنێت‌و هەموو ئەمانە جارێکی تر لە خەودا ئەبینێتەوە . .

من لەم بێ‌تۆییەدا ئەو کۆترە لەرەو جێماوەم‌و تەنیا تۆیت دوو باڵی بەفرینم بۆ سەوزبکەیت ، تا بەرەو هەڵەنووت‌و دوندەکان هەڵفڕم .

ئەی تۆ ئێستا لە کوێیت ؟ ئاخۆ قژەپرەکەت وەك خۆی ماوە ؟ چاوەکانت هەر دەریا مەزنەکەن ؟ بۆنەکەت هەر خۆشە یان بۆنی ئارەقێکی ووشکەوەبووە ؟ ئەی کێ هەواڵێکی تۆم ئەداتێ ؟ کێ ؟ تۆ خۆت بوویتە هەواڵەکانی ئەم سەردەمە ، شەوان لە هەموو گەروەکانی دنیاوە دێتە دەری‌و نایش گەیت ، ناگەیت‌و چاوی چاوەڕوانی منیش ڕوا ، ئەزانم هەواڵە ناخۆشەکان خوش ڕەوتن و زوو بە دوای یەکترا دێن . بۆیە دڵم لەسەر دەستمە ، چاوەکانم گەورەتر ئەبن ، ئەبنە چاوی شارێك ، ووڵاتێك ، تۆ هەر نەگەیشتی ، خۆم پێچایەوە ، بۆ کۆچێك ، بۆ سەرهەڵگرتنێکی نوێ ، ڕۆیشتم ، لە ووچانی یەکەم هەواردا ، لە کەنار ڕووبارێکی بێ شەپۆلدا وەستام . کەوتمە سەر ئەژنۆ ، وام هەست‌کرد لە گەڵ ڕووبارو خواو مانگ‌و ئەستێرەکاندا بووم بە یەك‌و تەنیا گیانێکی نووراني مامەوە ، سروشت هێدی کردمەوە . کە هەستامەوە تاقە دڵۆپێك بە پێڵووەکانمەوە قەتیس مابوو ، کە چاوم‌کردەوە لەسەر خۆکشاو ، تۆیش تارماییەکی سپی بوویت‌و بە بەردەما ئەهاتیت .

(— هەموو ئەم زەویەت بۆ بە پێوە ئەدەم .

(— من تەنیا تارماییەکم .

(— بە چاویش نەت‌بینم بوویتە بەشێك لەمن ، بەشێك لە بوون‌و مانەوەم ، لە خۆمدا تۆو لە تۆدا هەموو ئەم گەردوونە ئەبینم .

(— بڕەو لەگەڵ خۆتا ئازارەکان بپێچەرەوە .

(— کەوتوومەتە دوای ئەو تارماییە .

(— لە نێو ئەم هەموو ئاگرەدا تارماییەك ؟

(— بێ‌هیوای‌و ئاوان ، ترس‌و تەنیایی ، نامۆیی‌و سەرکەشی ، دڵڕەقی‌و دزێوی ، برسێتی‌و چەوساندنەوە ، ناپاکی‌و نامەردی . لەگەڵ ئەمانەدا هیواو خۆش‌بەختی ، سادەیی‌و دڵپاکی ، ڕاست گۆیی‌و جوامێری ، رووناکی‌و ڕەندی ، زەردەخەنەو خۆشەویستی ، قوربانی‌دان‌و بەزەییش هەیە . لای من وایە شتێك هەر ڕوو ئەدات ، شتێك لە دەرووني قالۆنچەو مارمێلکەکانیشدا ، شتێك وەك تەقینەوەی بورکانێك ، کانزایەك ، گەلێك تاشە بەردی ڕزیوو زەوی گەندەڵ نوغرۆ دەکات .

(— گەش بینیەکی گەلۆرانەیە ، ئەگینا گەڕان بەدوای هەندێك شتا گەڕانە بە دوای هیچا .

(— شکۆو نەمری مرۆڤ لەوەدایە خۆشەویستیەکی هەبێت ، هەر ئەمە ژیانی لاخۆش ئەکات‌و ڕقی پێ لەمەرگ ئەکاتەوە ، هەندێك جار ئەو خۆشەویستە وەك تۆگران ئەبێت‌و جاریش‌هەیە لە پەرینەوەی شەقامێکی چۆڵ ئاسانترە . ئەو مرۆڤەی خەریکە لە برسانا بمرێت ، هێشتا لە چاوەکانیا تروسکەیەك هەیە پێت ئەڵێت ئەمەوێت بژیم ، ئەمەوێت لەسەرنەخشەی ئەم گەردوونە جێگایەك بۆ خۆم بکەمەوە ، حەز بەگەورەیی ئەکەم ، پێم‌خۆشە کە هاتنە سەرگۆڕەکەم پێم بڵێن : «بەڕاست ئەمە گۆڕی‌ئەوە ! !» من ئەزانم کەسانێك هەن مشکن ، کوللەن ، گورگی برسین ، بەڵام کەس تامردن پێڵاوێك لەپێ‌ناکات ، کراسێکیش ناکاتەبەر . هەندێك جار

دەبێتە پڕوپیتاڵ ، زۆر جاریش مەرگ شەرمەزارئەکات . ئەمە نهێنیە مەزنەکەی مرۆڤە ، ئەوەی سۆراخی ئەکەن‌و سووسەیان بۆ ناکرێت .

ئای فریشتە . . تارماییە سپیەکە . . دیسان وون بوویت ؟ دیسان بوویتە بروسکەیەك‌و زوو تێ‌پەڕیت ؟

کە چاوم کردەوە بەیانیەکی زوو بوو ، چوکێشم سەرمای کۆنکرێتەکەی تەواو هەڵمژی‌بوو .

●

ئەگەرچی تۆ لەکۆچێکی بێ‌هەواڵدایت ، بەڵام جێگاکەت لە شوێنەواری سەر ڕێگای ئەو ڕێبوارانە ئەچێت کە تازە تێ‌پەڕیون ، ئارەزووەکانی منیش بوونەتە شوێن پێ‌هەڵگرو سەری هەنگاوەکانیان داوەتە دەست ڕێگایەکی بێ قۆناغ‌و سەردەمێکی بێ کۆتایی . لەم ژوورە ساردەدا بێجگە لەو شوێنەوارەی تۆ ، نە دەنگێك ، نەگۆرانی‌ی ڕێبوارێکی هەڵەبوو ، نەدوو دڵۆپ بارانی شەوێکی پایز کە لەشووشەی پەنجەرەکەم بدەن‌و بەسەریەوەکڕبن هیچیان نیە . هەموو شتەکانی ژوورەکەیشم خۆڵاوین ، کتێبخانەکەم ، کورسیەکان ، گڵۆپ‌و دیواری ژوور ، سەرە گەورەکەی سوکرات . من لەو سەرەوە خۆم‌و تۆیش ئەناسم ، بۆیە لە مردن ڕاناکەم ، کە ڕامکرد لە هەموو شتێکا درۆئەکەم . لەم خۆڵ بارانەدا ئەو درەختانەم کە پەنجەرووتەکانیان بەرەو ئاسمان درێژکردوەو چاوەڕێ‌ی بارانن ، ئەی بارانەکەی ئەم زەویە شەقارشەقارەی لەش‌و گیانم کەی دائەکەیت ؟

کەی لە نیوە شەوێکی پایزا ئەبیتە هاوڕێ‌ی تەنیایم‌و لەدەرگاو پەنجەرەیەکم ئەدەیت ؟ ئاخۆ لەوکاتەدا هەست بەچی بکەم ؟ ئەو شەوە خۆم ئەدەمە بەرلێزمە بارانە پایزیەکە ، وەك گەڵاو گوڵەکان ، درەخت‌و گژوگیا زەردهەڵگەڕاوەکان ، تاوێرە بەردە خۆڵاویەکان . تۆ ئەبیتە ئەو شەوە پایزیە کە لەهەموو شەوێکی وەرزەکانی‌ترم لاخۆشترە ، هەورە بروسکەو ناڵە ، خرمەی باران ، هاژەی درەخت ، زەنگی کاروانێکی ڕێ لێ‌هەڵەبوو ، پێکدادانی پەنجەرەیەك ، ماڵ‌ئاوایی ڕەوەقازو قولنگێکی کۆچەری ، ناڵەی تاق تاقکەرەیەکی لە شەوبێزارو ، مانگێکی سەرەتاتکێ‌کەری ناو گەواڵە هەورەکان ، ئیتر نازانم لەگەڵ ئەمانەدا ئەمرم یان لە نوێ ئەژێمەوە ، ئەکەوم یان دەست‌و مەچەکە سستەکەی ئێستام هەموو ئەم یادگارانە هەڵئەگرن‌و دەیخەنە بەرپێت . ئەوساتێ دەگەیت کە نابالأی بڵندی ئازارەکان‌و ، نە دابڕان‌و تەریکی لەبەردەم خۆشەویستیا خۆیان ناگرن‌و تەرەئەبن .

فریشتەگیان . . ساڵە ترسناکەکانی تەمەنی من زۆر بەپەلە دێن‌و دەڕۆن ، بەڵام تەواو نابن ، وەرزەکانی هێورن . لە ژوورێکا ، لە گۆڕێکا ڕێگا ئەبڕن ، بێجگە لە بێ‌دەنگی هیچ بەهاواریانەوە نایەت . لەدووکەڵە باریکەیەکی زور تەنك ئەچن کە کۆمەڵێکی تەریك‌و ترساو لەشێوەڵوکێکدا کردبێتیانەوە ، یان ئەو توولە ڕێگایانەن کە ئێستا کەسیان پێ ناڕوات ، شەقامێکی چۆڵ‌و گوندێکی بۆ هەمیشە خەوتوون . من لەم گۆڕەدا گوێم ناوە بەدڵی بەردەکانی ژێر سەرمەوە ، وا هەست ئەکەم ئەوانیش دڵێکیان هەیە لێ‌ئەدات ، لێدانەکە باسی خۆشەویستی‌و نەمریە ، باسی رووبارو چیاو شەوانی پاییزە . وامن‌و ئەوان یەکتر لە ئامێز دەگرین ، سکالأیەك بۆیەك دەکەین ، چاوەڕێ‌ی کەسانێکی وەك خۆمانین ، چاوەڕێتین ، تۆ تاقە جارێك بوویتە میوان‌و ژوورە بچکۆلانەکەمت پڕ لە مانگ‌و ئەستێرەکرد ، تاقە جارێك هەناسەیەکی خۆشت بە سەرماکرد ، ڕۆیشتیت‌و بۆیەکجاری سەرت هەڵگرت ، ئەم مرۆڤە کۆڵەوارە ، ئەم وولأتە بچکۆلەیە چاوەڕێتە . . ئەی تۆ لەکوێیت ؟ ماویت ؟ هێشتا خۆڵەمێشێکی گەرم‌و تارماییەکی سپیت ؟

یان وەك نامەیەکی بەرباخەڵی دەستاودەستکەر ووشەکانت کاڵ بوونەتەوەو ئارەقەیش ڕەشی کردوویت‌و پتووکاویت ؟